٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە نمونەی " داوەتی پاشا " .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ٢پاشایان ٥، ٦، ١٧ ، ٢٥. باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکە بۆ ئایەتی نوێی کتێبی پیرۆز و لە بەری بکە : کاروچالاکی کڵێسا : کردار ٢: ٤٢ ، ڕۆژانە پێداچونەوە بکە بۆ دواین ئەو پێنج ئایەتەی لەبەرت کردوە .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : ڕۆما ٤: 1- ١٦. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (١٤)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ٢پاشایان

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (٢پاشایان ٥، ٦ ، ١٧ ، ٢٥) گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) "کاروچالاکی کڵێسا"کردار ٢: ٤٢

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچوونەوە** بکەن ، "کاروچالاکی کڵێسا"کردار ٢: ٤٢ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما 4: ١- 17

پێشەکی : پۆڵس لە بەشی سێ یەمی نامەی ڕۆما دەڵێ مرۆڤ بە باوەڕ بێتاوان وڕاستودروست دەبێت . وە لە نامەی ڕۆما بەشی ٤ دەڵێ بێتاوان بوون بە باوەڕ هەمیشە تاکە ڕێگای دروستە بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاریی لە کتێبی پیرۆزدا دواتر ئەو ڕێگایەیە کە خەڵکی ڕزگاریان پێ بەدەستهێناوە لە ماوەی پەیمانی کۆندا .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما 4: ١- 17 **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .
بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما ٤: ١- ٨

<u>ئاشکراکردنی ١: پۆڵس بە دوو بەڵگە دەیسەلمێنێت کە بێتاوان بوون بە باوەڕ هەمیشە تاکە ڕێگەیە بە پێی فێرکردنی کتێبی پیرۆز بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕزگاریی بەدەستبهێنێت.</u>

هەردوو بەڵگەکەش وەرگیراونەتەوە لە پەیمانی کۆن .

أ. بەڵگەی یەکەم لە ڕۆما ٤: ١- ٥ باوەڕ بۆ ئیبراهیم بە ڕاستودروستی دانرا .

پۆڵس دەپرسێت ، ئیتر چی بڵێین، ئیبراهیمی باوکمان بەگوێرەی جەستە چی دۆزییەوە ؟ ئەگەر ئیبراهیم بە کردار بێتاوان بووایە شانازی دەکرد، بەڵام نەك لەلای خودا . پۆڵس کۆتایی بە وتەکانی دەهێنێت و ئاماژە بەوە دەکات کە بێتاوان بوون بە کردار جێبەجێ نابێت بەسەر ئیبراهیمدا . هەروەها بڕوانە پەیدابوون ١٥: ٦ کە ئیبراهیم بەڵێنی لە خودا وەرگرت .

ب. بەڵگەی دوەم لە ڕۆما ٤: ٦- ٨ کرداری خراپەکانی داود لە دژی نەژمێردرا .

پۆڵس ئاماژە دەکات بۆ نمونەیەکی تر لە کتێبی پیرۆزدا تاکو جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی لەبارەی ئیبراهیمەوە ووتی . زەبور ٣٢: ١- ٢ " خۆزگە دەخوازرێ بەوەی لە یاخییوونەکانی بەخشراوە، گوناهەکانی داپۆشراوە . خۆزگە دەخوازرێ بەو کەسەی کە یەزدان تاوانی لەسەر ناژمێرێت و لە ڕۆحەکەی بێ فێڵە ." ئیدی بەم شێوەیە خودا لە ڕۆژی حوکمدانی کۆتاییدا سزای نادات ! کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت بەرەکەتی ڕاستەقینە وەکو دیاریەکی نا شایستە بوون دەبەخشرێ بە نیعمەت لەڕێگەی باوەڕەوە نەك بە شایستە بوون بە کردار .

ڕۆما ٤: ٩- ١٣

ئاشکراکردنی ٢ : پۆڵس دوو بەڵگەی تر دەخاتە ڕوو کە بێتاوان بوون بە باوەڕ هەمیشە تاکە ڕێگەیە بە پێی فێرکردنی کتێبی پیرۆز بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕزگاریی بەدەستبهێنێت .

دوو بەڵگەکە بەراوردکاریە لە نێوان باوەڕ و خەتەنەکردن هەروەها بێتاوان بوون بە باوەڕ و هەوڵدان بۆ بێتاوان بوون بەکارکردن بە شەریعەت .

ج. بەڵگەی سێ یەم لە ڕۆما ٤: ٩- ١٢ ئیبراهیم بە باوەڕ بێتاوان کرا نەك بە خەتەنەکردن.

ئیتر ئیبراهیم نیشانەی خەتەنەکردنی وەرگرت، لە ڕێگەی باوەڕەوە بێ خەتەنەکردن مۆری ڕاستودروستی وەرگرت، تاکو ببێتە باوکی هەموو ئەوانەی باوەڕ دەهێنن و خەتەنە نەکراون، تاکو بۆیان بە ڕاستودروستی دابنرێت . ئیبراهیم باوەڕی هێناو بە ڕاستودروست دانرا پێش ١٤ ساڵ لانی کەم لە خەتەنەکردنی . ئەم ڕاستیەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خەتەنەکردن مەرجی سەرەکی نیە بۆ ڕاستودروستی و بێتاوانیی . چونکە خەتەنەکردن تەنها نیشانەیەکە و مۆرێکە بۆ باوەڕەکەی و ڕاستودروستیەکەی . بڕوانە پەیدابوون ١٧ . ئیبراهیم خەتەنەکردنی وەکو نیشانەو مۆرێك وەرگرت ئیدی بوە باوکی باوەڕداران بە خەتەنەکراو و خەتەنە نەکراوەکانەوە . هەنگاوەکانی ئیبراهیم ئەوە لە خۆ دەگرێ کە باوەڕی باوەڕداران دەیانبات بۆ خەتەنەکردن بە مەسیح بۆ ڕاستودروستی و بێتاوانکردنیان .

د. بەڵگەی چوارەم لە ڕۆما ٤: ١٣ دایە : ئیبراهیم بەڵێنی پێدرا تاوەکو ببێتە میراتگری جیهان نەك بەژیان بەپێی شەریعەت بەڵکو بە ڕاستودروستی و بێتاوانبوون بە باوەڕ .

جا ئەو بەڵێنەی بە ئیبراهیم یان بە نەوەکەی درابوو تاکو ببێتە میراتگری جیهان، بەهۆی شەریعەتەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو ڕاستودروستییەی کە بە ڕێگای باوەڕەوە بوو . بڕوانە گەڵاتیە ٣: ١٧- ٢٢ ؛ ڕۆما ٣: ٢١ ؛ ڕۆما ٤: ١٣ .

ڕۆما ٤: ١٤- ١٦

ئاشکراکردنی ٣: تەنها بەهۆی باوەڕەوە بەڵێنی خودا بەدەست دێت نەوەك بە کارکردن بە شەریعەت .

چونکە ئەگەر ئەوانەی کە پشت بە تەورات دەبەستن میراتگر بن، ئەوا باوەڕ بێ سوود دەبێت و بەڵێنی خوداش پووچەڵ ، چونکە تەورات تووڕەیی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر تەورات نەبێت، سەرپێچیش نییە . بۆیە

بەڵێن لە باوەڕەوەیە، تاکو بەگوێرەی نیعمەت بێت و بۆ هەموو نەوەکانی ئیبراهیم مسۆگەر بێت، نەك تەنها بۆ ئەوانەی کە پشت بە تەورات دەبەستن، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە باوەڕی ئیبراهیمیان هەیە. ئەو باوکی هەموومانە . بڕوانە ڕۆما ٤: ١٥ وە ڕۆما ٢: ١٥ ؛ ڕۆما ٤: ١٦ ناکرێ میراتگری نیعمەتی خودا و بەڵێنەکانی بن بە کارکردن بە شەریعەت بەڵکو بە باوەڕ چونکە هەموو ئەوانەی بەپێی شەریعەت دەژین نابنە میراتگری بەڵێنی خودا ئەگەر چی جولەکە بن یان موسڵمان یان مەسیحی.

ڕۆما ٤: ١٦ – ١٧

ئاشکراکردنی ٤ : بەڵێنی خودا : ئەوەی بەڵێنەکەی وەرگرت و ناوەڕۆکی بەڵێنەکە .

أ. بەڵێنەکەی خودا درا بە نەوەکانی ئیبراهیم .

بۆیە بەڵێن لە باوەڕەوەیە، تاکو بەگوێرەی نیعمەت بێت و بۆ هەموو نەوەکانی ئیبراهیم مسۆگەر بێت، نەك تەنها بۆ ئەوانەی کە پشت بە تەورات دەبەستن، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە باوەڕی ئیبراهیمیان هەیە. ئەو باوکی هەموومانە ، وەکو نووسراوە: من تۆم کرد بە باوکی چەندین نەتەوە . ئیبراهیم باوکمانە لەبەرچاوی خودا کە باوەڕی پێ هێنا، ئەوەی مردوو زیندوو دەکاتەوە و ئەو شتەی بوونی نییە دەیهێنێتە بوون . بروانە گەڵاتیە ٣: ١٦- ١٧ ؛ ڕۆما ٤: ١٦- ١٧ ؛ پەیدابوون ١٢: ٣ ؛ ١٥: ٥- ٦ ؛ ٢٢: ١٧- ١٨ ؛ ڕۆما ٤: ١٢ ، ١٥ .

ب. ناوەڕۆکی بەڵێنی خودا ئەوەیە ئیبراهیم ببێتە میراتگری جیهان.

ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەو بەڵێنە چەند بارەیە لە پەیدابوون ١٢: ٣ کە نەوەی ئیبراهیم (عیسای مەسیح) هەموو هۆزو نەتەوەو خێزان و خێڵەکانی سەر زەوی پیرۆز و بەرەکەتدار دەکات . تەنها ئەوە نا کە بەڵێنەکە بۆ ئیبراهیم ئەوە بێت کە عیسای مەسیح و هەموو باوەڕداران دەبنە میراتگری جیهان بەڵکو لە هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح ئەم بەڵێنە بە باشترین وێنە

دەردەکەوێت و دێتە دی کاتێ هەموو شتێك چاک دەکرێتەوە و عیسای مەسیح و باوەڕداران دەبنە میراتگری ئاسمانی نوێ و زەوی نوێ .

هەنگاوی ٣: پرسیار . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 4: ١- ١٧ ، تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 4: 3- ٥

پرسیاری ١ : وشەی (بۆی دانرا) واتای چیە ؟

تێبینیەکان .

ڕۆما ٤: ٣- ٥ ناڵێت مرۆڤ شتێك دەکات بەڵکو مرۆڤ باوەڕ و متمانەی بە خودا هەبێت . زەبور ٣٢: ٢ ؛ ڕۆما ٤: ٨ ؛ ڕۆما ٤: ٥- ٦ .

وشەی بۆی دانرا بە پێی دەستەواژەی یاسایی واتە پەیوەندی مرۆڤ بە خوداوەو داواکاریەکانی خودا بەپێی شەریعەت دەگۆڕێ تەنانەت پێش گۆڕینی هەر شتێك لە سروشتی ئەخلاقی ئەم مرۆڤەدا . کتێبی پیرۆز دەڵێت بۆ مرۆڤ دانان واتە جارێ (ڕاستودروستی مەسیح) ی بەدەست نەهێناوە هەروەە ادەڵێت بۆ دانەنانی لەڕاستیدا تایبەتە بە (تاوان وگوناهە) ڕۆما ٤: ٥- ٦ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٣٠ ؛ ٢کۆرنسۆس ٥: ٢١ ؛ ڕۆما ٤: ٨ . ئەمانەش هەمووی دەرخەری یەك ڕاستین کە بێتاوان بوون وڕاستودروستی تەنها بە باوەڕە و بەس .

ڕۆما ٤: ٣

پرسیاری ٢: چی بۆ ئیبراهیم دانرا لە ڕاستودروستی ؟

تێبینیەکان .

واتای وشەی بۆی دانرا ئەوەیە کە شتێك ببەسترێتەوە بۆ کەسێکی تر ، ڕستەکە بەڕاستودروستی بۆی دانرا هەروەها لە پەیدابوون ١٥: ٦ و لە زەبور ١٠٦: ٣١ دوبارە کراونەتەوە بەڵام بە دوو شێوازی جیاواز .

أ. ڕاستودروستی فینەحاس .

سەرژمێری ٢٥: ١- ٩ دەخوێنینەوە لەبارەی ئەو دەردەوە کە لە گەلی ئیسرائیلی دا چونکە کەوتن لە داوێن پیسی ڕۆحی و ئەخلاقیدا کاتێ بتیان پەرست و داوێن پیسیان کرد لەو بارودۆخەدا فینەحاس ڕاپەڕی کە کوڕی سەرۆک کاهین بوو سزای تاوانکارانی دا ئەمەش بە ڕاستودروستی بۆی دانرا بەهۆی باوەڕەکەیەوە کە خۆی تەرخان کردبوو بۆ خودا و دڵی لەلای خودا بوو ئەم کارەی سەرچاوەی گرتبوو لە خۆتەرخانکردنی بۆ خودا وەك ڕاستودروستی واتە کارەکەی کە سەرچاوەی گرتبوو لە گوێرایەڵی بۆ خودا کارێکی چاك بوو بەو واتای ئەخلاقی ئایینی نەك بە واتای یاسای ئایینی بۆیە فینەحاس ڕزگاری نەبوو بەهۆی کارەکەیەوە کە خۆتەرخانکردنی بوو .

ب. ڕاستودروستی ئیبراهیم .

هەرچەندە کارەکەی فینەحاس سەرچاوەی گرتبوو لە خۆتەرخانکردن بۆ خوداوەند بە ڕاستودروستی بۆی دانرا ، باوەڕی ئیبراهیم بە ڕاستودروستی دانرا ئەوەی تایبەتە بە فینەحاسەوە کارەکەی کە سەرچاوەی گرتبوو لە خۆتەرخانکردنیەوە بۆ خوداوەند وەك کارێکی ڕاستودروستی بە واتای ئەخلاقی ئایینی واتە تایبەتە بە پیرۆزی و هەڵسوکەوتی ئەخلاقیەوە ، بەڵام ئیبراهیم بەهۆی باوەڕەکەیەوە بە بەڵێنەکانی خودا کە وەڵامدانەوەی هەبوو بە واتای یاسای ئایینی واتە لە ڕووی ڕاستودروستی و داواکاریەکانی خوداوە وەك یاسای شەریعەت ، ئیبراهیم بەهۆی کار و چاکەکانیەوە بە واتای ئەخلاقی ڕاستودروستی بۆ دانەنرا بەڵکو بە واتای یاسای شەریعەت لەبەرچاوی خوداوەند. باوەڕ دەستێکی بەتاڵ بوو لەلای ئیبراهیم کاتێ بەڵێنی خودای بەدەست هێنا ئەمەش وەکو بەڵگەیەك لە بەشی ٤ ی نامەی ڕۆما بەراوردکاریە لە نێوان ڕاستودروستی بە باوەڕ و ڕاستودروستی بە کردار . ئەگەر پۆڵس نمونەی فینەحاسی باس بکردایە لە بری ئیبراهیم سەرپێچی تەواوەتی بەڵگەکەی دەکرد لە ڕۆما ٤ دا چونکە هەردوو بابەتەکە جیاوازن بە تەواوەتی .

هەروەها بڕوانە پەیدابوون ١٥: ٦ وە ڕۆما ٥: ١٧ ئیبراهیم وەڵامدانەوەی هەبوو بۆ بەڵێنی خودا بۆیە خوداش لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵدا کرد .

ڕۆما ٤: ١٣

پرسیاری ٣: کاتێ خودا بە ئیبراهیمی ووت دەیکات بە میراتگری جیهان واتای چیە ؟

تێبینیەکان .

پەیدابوون ١٥: ٥- ٧ و ٢٢: ١٧- ١٨ ؛ یەشوع ٢١: ٤٣- ٤٥ بەراورد بکە بە یەشوع ٢٣: ١٤- ١٦ هەروەها بڕوانە گەڵاتیە ٣: ١٦ ؛ ڕۆما ٤: ١٣- ١٦ ؛ دانیال ٧: ٢٧ .

هەنگاوی ٤: یەیرەوی بکە. **پەیڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما ٤: ١- ١٧ .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما ٤: ١- ١٧ .

٤: ٢- ٥ : هیچ شتێك نیە لەلای باوەڕدارانی ڕاستەقینە شانازی پێوە بکەن لەبەردەم خودا . چونکە ناتوانن شانازی بکەن بە خوداپەرستیانەوە بەرامبەر بە خواستی خودا یان کارە چاکەکانیان .

٤: ٣ : فێرکردنەکانی کتێبی پیرۆز بنەمای سەرەکیە و ڕاستیە و تاقیگەیە کە ڕاستی پێ دەپشکنرێت .

٤: ٥- ٨ : ئەگەر تا ئێستا گوناهەکانت نەبەخشراون ، باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنە کاتێ باوەڕ بە خودا دەهێنیت ئەوەی بێتاوانت دەکات بە عیسای مەسیح لە هەموو تاوان وگوناهەکانت ئیدی ئەو لە گوناهەکانت خۆش دەبێت وە ناگەڕێیتەوە بۆ ئەو دۆخەی گوناهەکانت لەسەر

بژمێردرێن بەڵکو بە ڕاستودروست سەد لەسەد بۆ تداەنرێ و لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەت لەگەڵ دەکات !

٤: ٩- ١٢ : بەرەکەتی خودا ئەوەیە کە لێخۆشبوونی تەواوەتیە و قوبڵکردنی تەواوەتیە لەلایەن خوداوە بۆ مرۆڤ وەکو کوڕی خۆی بە ڕۆح نەك تەنها بۆ ئەوانەی خەتەنەکراون لە جولەکەو موسڵمانان و باوەڕ بە مەسیح دەهێنن بەڵکو هەروەها خەتەنەکراوەکانی جیهاینیش کە باوەڕ بە مەسیح دەهێنن.

٤: ١٣ : باوەڕ بە عیسای مەسیح لەو بازنەیەدا قەتیس نابێت کە سزای ڕۆحی مەزنە بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ مەزنترین بەرەکەتی جەستەیی و ماددی هەروەها . بەرەکەتی خودا لە ئایندەدا ئەوەیە باوەڕداران بە عیسای مەسیح دەبنە میراتگری هەموو وڵاتانی جیهان .

٤: ١٤- ١٦ : ژیان بە پێی شەریعەت نە بێتاوانت دەکات و نە دەبیتە میراتگری بەڵێنەکانی خودا ! بەڵام ژیان بە نیعمەت و باوەڕ بەکاری ڕزگاریی مەسیح بە تەواوەتی مسۆگەرت دەکات بە ڕاستودروستی وهەموو بەڵێنەکانی خودا بەوەشەوە کە دەبیتە میراتگری هەموو جیهان !

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. ڕۆما ٤: ٥ پێمان دەڵێت باوەڕ بە خودا لە عیسای مەسیحدا بە ڕاستی ودروستی بۆمان دادەنرێ و لە هەموو خراپەو تاوانێك بێتاوانمان دەکات من دەزانم بێتاوان بوومە بە نیعمەتی خودا و بەزەییەکەی نەوەك بە کردارەکانی خۆم .

ب. ڕۆما ٤: ١٢ پێمان دەڵێت هیچ خەتەنەکراوێک بێتاوان ناکرێت بەبێ مەسیح ئەگەر چی لە ڕابردوودا خەتەنەکرابن ، من دەزانم هیچ پەرستشێکی ئایینی و خواپەرستیەك وەکو خەتەنەکردن ولەئاوهەڵکێشان ناتوانن ڕاستودروست و بێتاوانم بکات هیچ شتێك ناتوانێ بێتاوانم بکات نە کاری کڵێساو نە کرداری خۆم و خەڵکی ، خەتەنەکردن لە پەیمانی کۆن مەرج نەبوو بۆ بەدەستهێنانی ڕاستودروستی و بێتاوانیی بەڵکو

نیشانەیەك بوو هەروەها مۆرێك بوو بۆ باوەڕ ئەمەش بەسەر پەیمانی نوێدا پەیڕەودەکرێت ، کەواتە لەئاوهەڵکێشان مەرج نیە بۆ بێتاوانیی بەڵکو نێشانەو مۆرە لەسەر بێتاوان بوون بە باوەڕ کۆلۆسی ٢: ١١- ١٢ ؛ ڕۆما ٢: ٢٨- ٢٩ .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ٤: ١- 17 .

(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆقە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.

١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جارِی موژدەی شانشینیی .